# وەختێک هەناسەم دەبێتە شیعر..
# لەم غوربەتە

کەریم تاقانە
(سوێد)

١

ئەمامی باڵام لە بیاباندا هەڵی دا،
دوور لە کانیاو و باڵندە و ئاوەدانی،
وشک و بێڕەنگ.
بە بەردەم کانیاودا کە تێدەپەڕم ئێستا،
گەر تینوویش بم،
نازانم بچمە سەر دووچۆکان،
تێر ئاو بخۆمەوە.
بەیانیان کە جریوەجریوی باڵندە هەڵمدەستێنێ لە خەو
لە بیرم دەچێ هەوڵ بدەم فێر بم لەگەڵیان قسە بکەم
لە بیرم دەچێ بچمە بەر ئاوێنە و دەستێک بە
سەروڕوومدا بێنم
لە بیرم دەچێ دارهەناری حەوشەکەمان ئاو بدەم
لە بیرم دەچێ گوڵم خۆش بوێ.

٢

من چرات بووم
تاریکترین گۆشەی ماڵەکەتم
ڕووناک دەکردەوە.
کانیاو بووم
هەزار جار
لە داوێنما تینوێتیت شکاوە.
مەلێکی بەرزەفڕ بووم
هێلانەم
گوێسوانەی ماڵەکەت بوو.
تۆ ڕەنگوڕووم ناناسیتەوە،
دەنگ و زمانم نامۆن،
خەمەکانم بێڕەنگن.
من کێم، خودایە!
من کێم کە تۆ تەنانەت شێوەیشم ناکەی؟

٣

پاپۆڕی شەو هەڵماندەگرێ،
دوور
دەمانبا.



مانگ و ئەستێرە هاوڕێمانن
زەریا شڵەژاوە،
شەپۆل هەڵپەیەتی ئاوێتەی شڵپەی ماچ بێ.
مانگ جوانترین بزەی لەسەر لێوە.
ئەستێرە دەجریوێنن،
لە مەراقدا دوو سێ هەنگاو دادەبەزن.
ئێمە باڵا ئاوێزانی یەکترین و
جاروباریش
سەیری مانگ و ئەستێرە،
سەیری زەریا و شەپۆل دەکەین.
من ئامۆییم بیر چۆتەوە،
لەم ساتەدا.

٤

دەرۆم...
قەلەڕەشکەیەک لەسەر لقی دارێک هەڵنیشتووە
چاوی بڕیوەتە گەڵا وەریوەکانی بن دارەکە

نازانم بۆ وا ماتە، چی لە دڵە بچکۆلەکەیدا دەگوزەرێ
نازانێ بۆ پەلەمە، سێبەری خۆم بۆ کوێ دەبەم.
ئێمە هێشتا زمانی یەکتر فێر نەبووین.

٥

گڤەی با و
وەرینی گەڵا و
ڕۆیشتنی تۆ؛
پاییز لێرەیە.
زۆر پێم خۆشە زریان هەڵ کا
تاریک دابێ
ڕێگە ون کەی؛
بەشکم بگەڕێیتەوە و
لەگەڵ خۆت بەهار بێنیتەوە.

٦

هەر جارێک دەست هەڵدەبرم، قامکێکم لە گرەوی
مەرگدایە
تۆ ناتەوێ خۆر پرچی خۆی دابهێنێ
ئەو بولبولە بخوێنێ
ئەم درەختە باڵا بکا

تۆ ناتەوێ من قسە بکەم
بنووسم
ئەم ڕستەیە تەواو کەم و
خاڵی کۆتایی دابنێم

من سەرم لە گرەوی مەرگدایە
باڵندەیەک بە دوای ڕاوچییەکەی خۆیدا دەگەڕێ
زامێک، بە دوای تیرێکدا

٧

دڵم، قەتارێکی سوورە
وێستگەم، نادیار
شوێنەوارم، شەوەزەنگ و
داوێنیشم، پڕ ئەستێرە
تۆ لە کوێی، خۆری من؟
لە کام وێستگە چاوەڕێمی؟

دڵم، قەتارێکی سوورە
وێستگەم واتە:
کاڵبوونەوەی شەوەزەنگ و
کوژانەوەی ئەستێرە
تۆ لە کوێی، خۆری من، تۆ لە کوێی؟

**سوێدرهامن**